# کاریکاتێر یان بۆمبا





فـەهـد گـردەوانـی

2006/2/5ستۆکهۆڵم



ئیسلامییەکان جاری یەکەم بە خەبەر نەبوون کاتێ وێنەی کاریکاتێری پێغەمبەری ئاینی ئیسلام محەمەد لەۆژنامەی دانیمارکی ییلاندس پوستەن لە 2005/9/30 بڵاوکرایەوە ، کاتێ بۆ جاری دووەم گۆڤاری مەگازینت {Magazinet}ی نەرویژی هەمان کاریکاتۆری بڵاوکردەوە ئینجا بە خەبەرهاتن و دنیایان پڕ کرد...ئەو کارە دەچێتە خانەی هونەری کاریکاتێری ، ئەو هونەرمەندە یان { هونەرمەندان} توانیان جیهانی ئیسلامی بهەژێنن...ئەمن حەز ناکەم بە ئیحساسی مرۆڤ وازی بکرێت ،مرۆڤ دەبێ بەختەوەرترین گیانداربێت لەسەر زەوی... بەڵام بەر لەو روداوە زۆر جار هونەرمەندان و رۆژنامەکانی جیهان دەربارەی مەسیح و بودا و یەهود و هندوس...ئاینانی تر...هتد نوسیویانە و وێنەی سەیر سەیریان کێشاون کەچی خەڵکانی سەر بەو ئاینانە هیچ کاردانەوەیەکی ئاوایان نیشان نەدا کە موسڵمانان پێیهەڵستان...دانیمارک تووشی قەیرانێکی سەرتاسەری بووە، لە زۆر شوێن لە وڵاتانی ئیسلامی ئاڵای سوتێندرا و لە هەندێک شوێنی تریش خواردن و کەلوپەلی دانیمارکی بایکۆتکرا و لە دیمەشق و بەیروت باڵوێزخانەشیان سوتێنرا...هتد. رۆژنامەکانی تری وەکو {شیحان}لە ئوردن و فرانس سوار {France Soir} لە فەرەنسا و رۆژنامەی دومینیون پوست {}و ذا پریس{}ی نووزیلەندا و {النهار المغربیه} و رۆژنامەی ئیسرائیل و ئەمریکا وێنە کانیان دووبارە بڵاوکردەوە و ئەوەی ئوردن نووسەری وتارەکە {جیهاد المومنی} و وێنەکان فت کرا و ئەوەی فەرەنساش چونکە خاوەن رۆژنامەکە بە نەژاد دەوڵەمەندێکی میسری یە سەرنووسەرەکەی دەرکرد...

MORGENAVISEN
Jyllands-Posten

Åbent brev til medborgere i den muslimske verden - læs på dansk

Open letter to Fellow Muslim citizens - please read

صيغة جديدة لإعتذار

يولاندس بوستن - إضغط هنا

ئازادی بیرورا{ئازادی دەربڕین} ئەگەر بێت و ئەو دوو ووشەیە بەکاربهێنم بەرامبەر سویدی یەکەی {Yttrandefriheten} و ئینگلیزی یەکەی {Freedom of Speech} و فەرەنسی یەکەی {Liberte d expression} و عارەبییەکەی {حریه التعبیر عن الرآی}، ئەوا دەبێ بڵێین لە ئەورپا مرۆڤ ئازادە و هیچ سەنسورێک{رەقابە}بۆی نیە مێشکی یا بیرکردنەوەی کۆنترۆڵ بکات...ئەمە وای کرد کە هونەرمەندانی دانمارکی کاریکاتۆری پێغەمبەری ئیسلام بە ئاشکرا بکێشن و لە رۆژنامەی یولاندس پوستن بڵاوبکەنەوە... خەڵکی ئەورووپا پاش شەری جیهانی دووەم و تێکشکاندنی فاشیزم و روخانی نازی هیتلەری ئازادی مرۆڤی فراوان کرد بۆ ئەوەی بە ئازادی و

سەربەستی خۆی سەرنج و بیرورا و دەنگ و هەستی دەرببڕی ، بۆیە ئێستاکە نووسەر و رۆژنامەنووس دەتوانی بە ئاشکرا بیروڕای خۆی دەربارەی مەسیح و کەنیسا و پاشا و سەرۆک و رژێم و حاکم و وەزیر و دەسەڵاتدار ...هتد بنووسی ، جارجارە ئەگەر گەندەڵی و دزی بکەن ریسوایان دەکەین...نووسەری گەورە ، دیپلوماتی گەورە ، گۆرانی بێژی گەورە ، وەرزشوانی گەورە ، خاوەن شەهادەی گەورە...هتد بە ئاشکرا باسی نەخۆشی خۆی و هەتا سێکسواڵیتی خۆی دەکات و کەسیش بۆی نیە قەدەغەی بکات، بگرە جار جارە پشتگیریش دەکرێن...ساڵێک لەو ساڵانە ئەوانەی هۆمۆسێکسویلن لە ستۆکهۆڵم خۆپیشاندانیان رێک خست هەندێک لەژێر لافیتەی {هۆمۆسیکسویلی بەدینن (کریستیانن ـ مەسیحی)وێنەی عیسا پێغەمبەریان بۆخۆیان هەڵگرتبوو} کەنیسەی سوید هیچ نقەی لێوە نەهات ...لەناو ڤاتیکان پەیکەری داود پێغەمبەر کە مایکیلئەنجلۆ بۆنەرۆتی 1475 ـ 1564 {Michelangelo Buonarroti } دروستی کردووە وا دانراوە و بە شانازیەوە خەڵکانی مەسیحی و غەیرەمەسیحی زیارەتی دەکەن...لە ئێران پاش هاتنی خومێنی وێنەی عەلی و حوسێن زۆر بە ئاشکرا لە مل هەڵدەواسرێ و وەکو ملوانکە بەکاردەهێنن...ئەمن نەمدیووە دەڵێن وێنەی محمد پێغەمبەریش هەیە ، لەزێر دروستکراوە و لەمل دەکرێت...شیعە ئەوەندە گرنگی نادات بۆیە لە ئێران بە شێوەیەکی ئاوا توندوتیژ بەدەنگ نەهاتوون...ئەوانەی لوبنان هەر لە دژی کاریکاتێرەکان خۆپیشاندانیان نەکرد ، بەڵکو بانقیشیان دزی و کەلوپەلی دوکان و کاری تێکدەرانەشیان کرد کە دووربوو لە مۆرکی دانیمارکی...لە سوریا ئەگەر خەڵکەکە داوای



نانیان لە رژێمی بەشارئەسەد بکردبایە بە گوللە وەڵامدەدرانەوە کەچی پۆلیس بۆی نەکرا خەڵک هێوربکاتەوە و رێگا نەدەن لە سوریای عیلمانی ئاڵای کەسک لەسەر باڵێوێز هەڵواسن...سەفیری سویدی و دانیمارک و نەرویژی ئەگەر لەسەر باڵوێزخانەکە هاواریان بکردبایە ئەوا بڕیارە هەزاران خەڵک بە پەناهەندە وەردەگرین و فەرموون وەرن ناوتان بنووسن ، لەو باوەڕە دەبووم محەمەد پێغەمبەر لەبیردەکرا و خەڵک بە جوانی وچاکی سواری سەری یەکتر دەبوون هەتا بەریز بووەستن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پەناهەندەیی لەو سێ وڵاتە جا با هەر ریز لە ئاینیشیان نەگرێت ...سەیرکەن لە دەریای نێوان ئیسپانیا و مەغریب رۆژانە چەند گەنج دەبیتە خۆراکی نەهەنگ هەتا بگاتە ئەوروپای رۆژانە چەند کەس دەبیتە قوربانی بۆ ئەوەی بگاتە ئەوروپا...لە نێوان دەریای تونس و لیبیا و میسر و ئیسرائیل و ئیتالیا چەند موسڵمان دەبیتە خۆراکی نەهەنگ و ماسیان هەتا دەگاتە ئەو بەهەشتەی ناوی ئەوروپایە و ریز لە {ئایین} ناگریت...دانیمارک ژمارەی دانیشتوانی 5،4 ملیوونە نزیکەی 185000ـ200000 موسڵمان تێدا دەژی ، بە دەیان جار یارمەتی ئەو وڵاتە هەژارانەی داوە کە پێویستیان بە یارمەتی بووە یان تووشی کارەسات هاتوون و بە سەدان خەڵکی موسڵمانی لە مردن رزگار کردووە و یارمەتی داوون...کەچی ێستاکە بەو شێوەیە رەفتاری لەگەڵ دەکرێت...ئەو ئەوروپایە بە درێژاییی ژیانی بۆتە پشت و پەنای ئەو ئیسلامیانەی کە لە وڵاتی موسڵمانان راودەنرێن و ناتانن بە ئازادی خۆیان سەکۆی مزگەوتەکان بکەنە بڵینگۆی بیروڕایان، کەچی لەو وڵاتانە بە ئازادی خۆیان موسڵمان کۆدەکەنەوە و قسەیان بۆدەکەن و ئەو دەوڵەتانە پاسەپۆرت و ناسنامە و پارەشیان دەداتێ....سەرنووسەری یولاندس پوستن {کارستن یوستە} نامەیەکی بە عارەبی بڵاوکردۆتەوە و داوای لێبووردنی لە موسڵمانان کردووە ، بەڵام ئەوەشی رونکردۆتەوە کە کاری رۆژنامەگەرییەکەی دژی یاسایی دانیمارک نیە و دەکەویتە خانەی ئازادی رادەربڕین ...کوردەکان دەتوانن لە و رۆژنامەیە دەقی وێنەکان و نامەکە بخوێنیتەوە....بژی ئازادی مرۆڤ...